## ( مەزاد مەزاد هەرچیم هەیە مەزاد)
## دروشمی یەكگرتووی ئیسلامی لە كوردستان
## هەڕاجكردنی نیشتیمان دەسكەوتەكان خوێنی شەهیدان

عەبدول قەرەگۆلی
abdull_qeregoli@yahoo.se

لە سەرو بەندی هەمواركردنی دەستوری عێراقی وململانێی كوتلە و لایەنە سیاسیەكانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان تایبەت بە ماده و برگەكانی دەستووری عێراقدا و هەوڵ دانی دەوڵەتانی ئیقلیمی بۆ دەست خستنە ناو كاروباری ئەم وڵاتە، ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەكانەوە تەسریح و هەڵوێستی جۆراو جۆر هەر تائیفە و نەتەوە بۆ بەدەستێنانی پێگەی خۆی لە سەر شانۆی سیاسی ئەمڕۆ دەبیستین، ئەوەی جێگای سەرنج بوولە سایتی پەیامنێری پارتی دیموكراتی كوردستاندا هەواڵێك بڵاوكرایەوە، لە بەرواری(2007/6/6)دا، ئەحزابە ئیسلامییەكانی كوردستان لەگەڵ دواخستن و تەنەزول كردنن لە سەر مادەی (140) سەبارەت بە ئاسای كردنەوەی كەركوك و ناوچە بەعەرەب كراوەكان، دەڵێن (خۆ لەسەر شارێك ناچینە وە شاخێك) بزوتنەوی ئیسلامی وكۆمەڵی ئیسلامی بەرپەرچی ئەو هەواڵەیان دایەوە، بە دوور لە ڕاستیان لە قەڵەمدا، لە كۆتایدا ئەنجامەكان دەریان خست كە تەنها لایەن ئەم هەڵوێستەی وەر گرتوە یەكگرتووی ئیسلامی بووە، هەر بۆیە تاڵەبانی لە كۆنگرە ڕۆژنامە گەریەكەی هاوینە هەواری سەلاحەدیندا ناوی یەكگرتوو دێنێت، دەڵێت (ئێمە داوامان نەكردوە یەكگرتوو بچنە شاخ، باشتروایە لە مزگەوتەكان بن، هەق چۆنە وابڵێن)

لێرەدا دەبێت لامان ڕونبێت، گومانمان لەوە نەبێت كە یەكگرتووی ئیسلامی نەك شاری كەركوك بەڵكوو هەموو كورد و كوردستان ئامادەن بدەن بە مینبەری مزگەوتێك، هەموو خەبات و قوربانی دانەكانی خەڵكی كوردستان دەدەن بە تەنها دێڕێك لە دێڕەكانی ئایەی (ئەنفال)
هەڕاج كردن و بە بێ ئەهمییەت سەیركردنی دەسكەوتەكانی خەڵكی باشوور لای یەكگرتوو نابێت لامان عەجیب بێت چونكە ئەوانە بە درێژای (48) ساڵ لە وڵاتەكەماندا نەك دڵۆپێك خوێن، دڵۆپێك ئارەقی ماندوو بونیان لەپێناودا نەڕشتووە، هەستی نەتەوایەتیی لە دڵوو دەرونیاندا ڕیشەكێش كراوە، ئەوەندەی ئینتیمای مەزهەبی ودینیان بەهێزە نیو ئەوەندە ئینتیمای نەتەوەییان بەهێز نیە،
لە بەستنی كۆبونەوەكەی قاهیرەدا یەكگرتووی ئیسلامی شان بەشانی سالح موتلەگ و، بەرەی توركمانی جاش تورانی، ئەرشەد زێباری،جەوهەر محێدین هەركی، كۆنە جاش و بەكرێ گیراوانی دەوڵەتانی ئیقلیمی پەیمانیان نوێ كردەوە بۆ پارێزگاری لە عێراقی عەرەبی و تواندنەوەی كورد لە قاڵبی ئومەی ئیسلامی سونەگەریدا،



جێگای دەست خۆشی بوو کۆمەڵانی خەڵک بەسەرجەم ڕەنگەکانەوە ئەم پلانەیان ڕیسواو مەحکوم کرد،هەق وایە ئەم هەڵوێستەی یەکگرتوو لەسەر کەرکوک و مادەی (140) بەسەرماندا تێنەپەڕێت، بەهەمان شێوە ڕوبەڕویان ببینەوە، ببن بە عیبرەت بۆ ئەوەی چیدی هیچ پارت و لایەنێکی کوردستانی موزایەدە و موساوەمەی لەسەر نەکات،

بەداخەوە ئاستی هۆشیاری تاکی کورد ئەوەندە نزم بێت لەم سەدەی پێشکەوتن و عەولەمەدا گروپ و تاقمی لەم شێوە بتوانن لەخشتەیان بەرن،نابێت بازبدەین بەسەر ئەم ڕاستیەدا کە نوخبەی ڕۆشنبیران، نوسەران، کەمتەرخەم بوون، وەک پێویست خەڵکی کوردستان یان هۆشیار نەکردوەتەوە تا چیتر تاکی کورد نەکەونە داوی ئەم کۆمەڵە، بە پێچەوانەوە ئەوەی لەم کۆمەڵە نزیک ببێتەوە، بکەوێتە داویانەوە گۆڕانکاری ڕیشەی تێیدا ڕودەدات،هەردەم سۆزی زاڵ دابێت بەسەر هەستیدا، سۆزیش تەنها سۆز بۆ ئاین نەک سۆز بۆ جوانیەکانی ژیان، نەک سۆز بۆعەشق، خۆشەویستیی، گەل، نیشتمان، ئاشتی، ئاوەدانی ئازادی دیموکراتی،پێشکەوتنی بەشەریەت، بەڵکوو سەرقاڵی دەکەن بە فەرزەکان، سونەتکان، حەرام، حەڵاڵ، ڕیشت چەند درێژ بێت، بەرسمێڵت چەند کورت بێت، دەستت ڕێک بگریت یان لەسەر لا، لاقت ڕێک بێت یان بڵاو، شەرواڵت کورت بێت یان درێژ، بەدەستی ڕاست نان بخۆیت یان چەپ، خۆت بەکام دەست پاک بکەیتەوە خێری زیاترە، سیواک و کڵاو هەڵگریت، لەگەڵ کێ تەوقبکە و لەمس لە کێ بپارێزیت، برا وخۆشکی موسڵمانتان کام چینی کۆمەڵن، کێ مورتەد ولادەرە لە کێ خۆت بپارێزیت،جیهاد دژ بەکێ بەکاردێنیت و کەی کاتی تەکبیروئەڵاهوو ئەکبەرە، هد....

لەداوی سەدان ساڵ ژێردەستی وچەوساندنە وە لە کوشتن بڕین تاڵانکردنی گەلی کورد لە ناوچەکەدا، لە سەر دەستی دەستەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی خەلیفە و ئیمپراتۆریەتەکانی ناوچەکە، پاشان دابەشکردنی وڵاتەکەمان بەسر عەرەب ، فارس ، تورک، چەوساندنەوە و داپڵۆسین لە بەر کورد بونی بەردەوامە، ئەم هۆکارانە وای لە تاکی کورد کردوە کە ئینتیمای کوردی بەهێز بێت، هەردەم ئاواتی کیانێکی سەربەخۆی کوردی بێت، ئێمەش وەک گەلانی تری جیهان خاوەن ئاڵاو وڵاتی خۆمان بین، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە لێرەو لەوێ گوێمان لە هەندێک بەرپرس وئەندامانی ئەم گروپانە دەبێت کە دێتە سەر مەسەلەی کوردایەتی خۆیان لە هەموو کەس بە دڵسۆزتر دەردەخەن، دەبێت خەڵکی لەوە وشیار بکرێتەوە هەڵگری فکرە نامۆکان چی تر گەل فریوو نەدەنەوە .. 2007/5/9

________________________

**تێبینیی .**

**سەردێڕی ئەم وتارە( مەزاد مەزاد هەرچیم هەیە مەزاد )لە هۆنراوەیەکی مامۆستا عەبدوڵا پەشێوی شاعیرەوە هاتوە،لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆی.**